# دەنگدان لە تاراوگە

**لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی دەنگدەری کورد بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق**

**٢٠٠٥-٢٠١٤**


**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**راوێژکاری پەرلەمان لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی**


**هەولێر ٢٠١٥**

# دەنگدان لە تاراوگە

- لێکۆڵینەوە
- نەوزاد عەلی ئەحمەد
- چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠١٥

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری
دەزگای وێستمنستەر بۆ دیموکراتی – بەریتانی WFD ئامادەکراوە
لە چوارچێوەی پرۆگرامی پشتیوانی و هاوکاریکردنی
سەنتەری تۆژینەوەی پەرلەمانی کوردستان

# ناوەڕۆک

**سەرەتا** ........................................................................................................ ٤

**بەشی یەکەم؛ کۆچ بۆ هەندەران**

- هۆکارەکانی کۆچی کورد بۆ دەرەوە ........................................................................ ٦
- قۆناغەکانی کۆچکردن بۆ دەرەوە ........................................................................ ٧
- ژمارەی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا........................................................................ ٨

**بەشی دووەم هەڵبژاردن لە ناوەوە و دەرەوەی عیراق**

- دەسەڵاتی یاسایی و هەڵبژاردن لە عیراق ١٩٢١تا........................................................ ١١
- دەسەڵاتی یاسایی و هەڵبژاردن لە عیراق دوای ........................................................ ١٢
- دەنگدانی رەوەندی کوردی لە تاراوگە ٢٠٠٥ ........................................................ ١٣
- کۆمیسیۆن و پرۆسەکانی هەڵبژاردن ........................................................ ١٣
- پێکهاتەی نووسینگەکانی دەرەوە ........................................................ ١٤
- سەرنجی تر........................................................................ ١٥

**بەشی سێیەم؛ کورد و دەنگدان لە تاراوگە**

- عێراقییەکانی دەرەوە و دەنگدان ........................................................ ١٧
- دەنگدەری کورد لە پرۆسەکەدا ........................................................ ١٧
- ئەنجام و لاربوونەوەی کێرڤ ........................................................ ١٨
- کێشە و گرفتەکانی دەنگدەری کورد ........................................................ ١٩
- پێشنیار بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان ........................................................ ٢١

**ئەنجام و پوختەی باسەکە** ........................................................ ٢١

**سەرچاوەکان** ........................................................ ٢٢

# سەرەتا

ئەم باسە وەک پێویستییەکی وەزیفی لە بنەڕەتدا بۆ پەرلەمانی کوردستان نووسراوە، لە پێناوی گەیاندنی کۆمەڵێک زانیاری کە تا ئێستا لە بواری نووسین و چاپەمەنی کوردیدا باس نەکراون، ئەگەر باسیش کرابن لە چەند دێڕێکی پڕ لە کەموکوڕی زیاتر نین.

باسەکە بریتیە لە سێ بەش، لە بەشی یەکەمدا لە کۆچ و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری دواوم، هەوڵمداوە سەرەتایەک دەستنیشان بکەم بۆ کۆچی کورد و خەڵکی کوردستان بۆ دەرەوەی نیشتمانەکەی، هەروەها ئاماژەم بە قۆناغەکانی کۆچکردن داوە، ئینجا ژمارەی کوردم لە دەرەوە بە تایبەتیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا نووسیوەتەوە. لە بەشی دووەمدا چەند زانیارییەکم سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی یاسا و پڕۆسەکانی هەڵبژاردن هەر لە ساڵی ١٩٢١ تا ٢٠١٤ خستۆتەڕوو، دوای روخانی رژێمی بەعس دەزگایەکی وەک کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دادەمەزرێ، بە کورتی لە رۆڵی ئەو دەزگایەش دواوم بۆ بەڕێوەچوونی پڕۆسەکانی دەنگدان. لە دوا بەشی باسەکەمدا کە بەشی سێیەمە لە رۆڵ و ئەرک و کاریگەرییەکانی دەنگدەری کورد دواوم لە تاراوگەدا لەو رووەوە چەند ژمارە و ئامارێکم خستۆتەڕوو.

ئەمە و وەک هەر کارێکی نووسین پوختەی باسەکەم نووسیوە، هەروەها سوودم لە چەند سەرچاوەیەک بینیووە لە کۆتایدا ناوی سەرچاوە و ژێدەرەکانم هێناوە.

یەکێک لە گرفت و کێشەی ئەم باسە نەبوونی سەرچاوە و چاوگەی زانیارییەکان بووە، بە تایبەتیش ئەنجامی وردی هەڵبژاردنەکان لە دەرەوەدا، هەروەها نەبوونی ئامارێکی رەسمی بۆ کوردی تاراوگەنشین، بەڵام هەرچۆنێک بێت کارێکم خستۆتەڕوو هیوادارم ببێتە سەرەتایەک بۆ کار و بەرهەمی تر لە بواری ژیانی پەنابەری و چۆنیەتی ئاوێتەبوونەوە لەگەڵ نیشتماندا.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**راوێژکاری پەرلەمان لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی**

هەولێر ٢٠١٤/١٢/٢٦

**Nawzad.ali@hotmail.com**

# بەشی یەکەم
# کۆچ بۆ هەندەران

## هۆکارەکانی کۆچی کورد بۆ دەرەوە

هۆکار زۆرن کە وا لە مرۆڤ دەکەن زێدی خۆی جێبهێڵێت و روو لە خاکێکی تر بکات، بۆ کۆچی کورد و گەلی کوردستانیش ئەم هۆکارانە دێنە بەرچاو:

لە سەرەتادا چەندان کورد بە مەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا روویان لە وڵاتانی ئەوروپا و چەند وڵاتێکی نزیک لە کورستان کردووە، ئەو جۆرە کۆچە تا ئێستاش بەردەوامە. هەندێک لەو کەسانە دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ کوردستان نەگەڕاونەتەوە و داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە.

سیاسەتی بە تورککردن و بە عەرەبکردن و رەتکردنەوەی ئەو سیاسەتە، ئەو سیاسەتە زیاتریش لە تورکیا، سوریا و عیراق پێڕەوکراون، ئەگەر خاڵی دەستپێک دابنێین ئەوە پێویستە ماوەی دەسەڵاتداریێتی ئەتاتورک بکەین بە خاڵی دەستپێکی بە تورککردنی کورد و پاشان ماوەی دەسەڵاتداریێتی سەدام حوسێن زاراوەی تەعریب بە فراوانی کەوتە نێو قاموسی سیاسی وڵاتەکە و جیهانەوە.

شاڵاوەکانی لەناوبردنی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان؛ هەر دوای درووستکردنی دەوڵەتەکانی ئێران، سوریا، عیراق، تورکیا ئەو سیاسەتە بەرامبەر بە کورد جێبەجێکراون لەو بارەشدا دەکرێت ئاماژە بەو شەڕانە بکرێت کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراون دژی کورد بەرپایان کردووە و بەرامبەر بەو شەڕانەش کورد لە رێگای خەباتی چەکداری بەرگری لە خۆی کردووە.

هەژاری و نەبوونی؛ وەک فاکتەری ئابووری بوونەتە هۆکارێک بۆ کۆچی کورد و خەڵکی کوردستان بۆ دەرەوەی خاکی کوردستان، ئەم هۆکارەش بە درێژایی مێژوو قسەی لەسەر کراوە و لە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتیدا هەوڵدراوە بە خاڵێکی گەرمی کۆچکردن وەربگیرێت، هەوڵدراوە بە رێگای چەندان کەرەسە رێگەچارە بۆ ئەم هۆکارە بدۆزرێتەوە بەڵام هەوڵەکان نەبوونەتە رێگر لەبەردەم پرۆسەی کۆچدا. کوردیش هەر لە بەرەبەیانی مێژوو بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی کۆچی کردووە و زێدی خۆی جێهێشتووە.

سیاسەتی راوەدوونان و دەستگیرکردن و زیندانی کردن و کوشتن و رەشبگیری بەدەر لە یاسا و بەها مرۆڤایەتییەکان ساڵانێکە رووبەڕووی کوردەواری بۆتەوە، دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکان کەمترین مافی کوردییان بە رەوا نەبینیوە، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ کۆچی کورد و داواکردنی مافی پەنابەرێتی. هەر تەنیا وەک نموونە رۆژگاری شێخ مەحموود حاکمی کوردستانی باشوور و شکسپێهێنانی ماوەی حوکمدارییەکەی و بزووتنەوەکانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات و باکوور نموونەی بەڵگەدارن بۆ کۆچی کورد و دوورخستنەوەیان لە خاکی باوک و باپیریان، لەگەڵ دەیان رووداوی تر.

جەنگی گەورە و شەڕ و هەڕەشە هۆکاری بەرچاون بۆ کۆچی کورد، لەو بار و بوارەشدا خاکی کوردستان رووبەڕووی دەیان شەڕ و جەنگ بۆتەوە، هەر لە پروشکی جەنگە گەورەکانی جیهان تا بە جەنگە ناوچەییەکان دەگات، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژەی بە جەنگی عیراق- ئێران بدرێت کە هەشت ساڵەی جەنگەکە ١٩٨٠-١٩٨٨ کاریگەریی لەسەر هەزاران کەس هەبووە بۆ جێهێشتنی کوردستان و روو لە هەندەران کردن.

شەڕەکانی ناوخۆی هێزە کورد و کوردستانییەکان هۆکاری زیندووی بەڵگەدارن بۆ کۆچی کورد بە تایبەتیش کۆچی لاوان بۆ ئەوروپا و وڵاتانی تر. ئەگەر هەر تەنیا وەک نموونە لەسەری بوەستین ئەوە ناکرێت شەڕی حزبە کوردی و کوردستانییەکان لە کوردستانی رۆژهەڵات لە نێوان ساڵی ١٩٧٩-١٩٨١ لەبیربکرێن، هەروەها شەڕی حزبە کوردی و کوردستانییەکان لە کوردستانی باکوور ١٩٨٠ تا ١٩٨٥، لە کوردستانی باشوور هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٧٠، پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٨٥ ئینجا ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨، دەتوانرێت نموونە و مێژووی تر بۆ ئەم رۆژژمێرانە زیاد بکرێن.

## قۆناغەکانی کۆچکردن بۆ دەرەوە

کاتی ئەوە هاتووە بە پلان و نەخشەی ورد لەسەر کوردی تاراوگەنشین کاربکرێت، لە باری مێژوو، کولتور، تێکەڵبوون، هەستی نەتەوەیی و... هتد لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرهەم بهێنرێن. جیهانی جیهانگیریش وا دەخوازێت وەڵامی هاوچەرخانەی پنتی ململانێکان بدەینەوە و لە کاتی ئامادەکردنی هاوکێشەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارە بخەینەڕوو، ئایا کوردی دەرەوە لەو بوارەدا تا چەند دەتوانێت رۆڵ بگێڕێت؟! دیارە سەرەتاکانی ئەو جۆرە کارانەش پێویستی بە بنەمای نێو کایەکانی بەرهەمهێنان هەیە کە ئەویش بوونی کوردە لە خاڵێکی گەرمی ناکۆکییەکاندا. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا دەسەڵات و سەرکردەکانی حزبی کوردی خوێندنەوەیەکی وردی ستراتیژیان بۆ کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان نیە، تەنیا کار لەسەر هەڵوێست و رووداوە هەنووکەییەکاندا دەکەن!

بۆ ئەوەی پۆلێنێکی ورد بۆ بوونی کورد لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت، پێویستە ئەو پرۆسەیە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین.

- چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو؛ قۆناغی خوێندن و کورسی خوێندن. لە سەرەتادا کۆمەڵێک کەس روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە بە مەبەستی خوێندن، بەڵام زۆربەیان بۆ کوردستان نەگەڕاونەتەوە و داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە.
- قۆناغی خۆڕێکخستن و دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦ تا ١٩٧٥؛ ئەو کۆمەڵەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لقی هەبووە و وەک دەستەیەکی کارا چالاکی نواندووە و هەوڵیانداوە کورد و کێشەی خەڵکی کوردستان بە ناوەندەکانی دەرەوە بگەیەنێت. هەروەها هەر زوو چەند وڵاتێکی ئەوروپی بوونەتە ئەو نیشتمانەی کە کورد بۆی دەگەڕا! ئەمە و وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی لە رێگای زەمالەی خوێندن و کۆرسەکانی پێگەیاندنی کادری حزبی ساڵانە دەرگایان بۆ دەیان خوێندکاری کورد دەکردەوە.
- قۆناغی دەستی کار و بازووی کرێکار ساڵی ١٩٦٠؛ دوای تەواوبوونی دووەمین جەنگی جیهانی بۆ بنیاتنانەوە و وێرانییەکانی جەنگ، وڵاتانی ئەوروپا پێویستیان بە هێز و دەستی کار و بازووی کرێکارانی بیانی هەبووە، بە گوێرەی رێککەوتنێک وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا و فەرەنسا هەزاران کرێکاریان بۆ وڵاتەکانیان برد، کە لەو ژمارەیەدا رێژەیەکی زۆر کوردی باکووری تێدابووە.
- لە ساڵی١٩٧٥دا دوای شکستی بزووتنەوەی چەکداری لە باشووری کورستاندا بە شێوەیەکی رەسمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئەوروپی مافی پەنابەرێتیان بە سەدان کورددا و لە ئێرانەوە بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا گواسترانەوە. لە وڵاتە ئەوروپییەکان؛ سوید و هۆڵەندا زیاتر لە سەد کوردییان وەک پەنابەر وەرگرت بەڵام بەشی شێر بەر ئەمریکا کەوت. ئەگەرچی بزووتنەوە و خەباتی چەکداری لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا رووبەڕووی شکستی یەک لە دوای یەک بۆتەوە، بەڵام کۆچی شێوە گرووپی بەخۆوە نەبینیووە. بۆ نموونە دوای روخانی کۆماری مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ کورد کۆچی نەکرد و داوای مافی پەنابەرێتی نەکردووە، ئەوسا تەنیا ژمارەیەک کەس کە بە مەبەستی دەورە لە یەکێتی سۆڤیەت بوون بۆ کوردستان نەگەڕانەوە.
- قۆناغی شکست و کۆدەتا؛ ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و ١٩٨٠؛ شکستی خەباتی چەکداری لە کوردستانی رۆژهەڵات دوای هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ بووە هاندەر و بەڵگەیەک بۆ کۆچی هەزاران کوردی ئێران بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کە تا ئیستاش بەردەوامە. هەندێکیان هەر لە بەغداوە نووسراوەکانیان بۆ تەواو کراو بە رەسمی بۆ چەند وڵاتێک کۆچیان کرد بە تایبەتیش بۆ وڵاتی فەرەنسا، بەڵام ژمارە زۆرەکە بە قاچاغ دەچوونە تورکیا و لەوێ لە رێگای ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای مافی پەنابەرێتیان دەکرد و دەیکەن. هەروەها کودەتای میلیتاریی لە تورکیا ساڵی ١٩٨٠ کاریگەریی بەسەر کۆچی

سەدان خوێندەوار و سیاسەتوان و رۆشنبیریی کورد هەبووە1 لە کوردستانی باکوور بە تایبەتیش دوای پێڕەوکردنی سیاسەتی دەستگیرکردن و کوشتن و رەشبگیریی لە لایەن کودەتاچییەکانەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو پەنابەرانە لە ولاتی سوید و ئەڵمانیا گیرسانەوە، هەروەها پێویستە ئاماژەش بە ئەو ژمارە زۆرەی دەستی کار بدرێت کە دوای وەستانی دووەمین جەنگی جیهان ئەڵمانیا داوای کردن و لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەمە و هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەیان خوێندەواری کورد بە ناچاری خاکی کوردستانی باکووریان جێهێشتوە و لە وڵاتانی تر گیرساونەتەوە.

- قۆناغی ئەنفال؛ ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ لە کوردستانی باشووردا خەباتی چەکداریی رووبەڕووی شکست بووە و پێشمەرگە بێئومێد بوو لەسەر بەردەوام بوون لە شۆڕش و خەباتکردن، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و پێشمەرگە بە رێگای قاچاغ و بە نارەسمی لە رێگای ئیران، تورکیا، سوریا بۆ وڵاتانی ئەوروپا کۆچیان کرد و داوای مافی پەنابەرێتیان لە چەندان وڵاتدا کرد بە تایبەتیش لە سوید، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەریتانیا کرد.
- قۆناغی شەڕی ناوخۆ لە کورستانی باشوور ١٩٩٤ تا ٢٠٠٠؛ لەبەر دوورەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆچی کورد وەک وڵاتانی ئەوروپا نەگەیشتۆتە ئەوێ، مەگەر حاڵەتی کۆچی تاک تاک روویدابێت، قۆناغێکی تری کۆچی کورد، لە دوای ١٩٩٦/٨/٣١ بوو کە ئەمریکا زیاتر لە ٥٠٠٠ کوردی باشووری بۆ نیمچە دوورگەی گوام گواستەوە و پاش ماوەیەک بەسەر ویلایەتەکانی دابەش کردن. هەروەها هەر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی باشووردا هەزاران گەنجی کورد بەرێگای قاچاغ روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد ئەو شاڵاوی کۆچە تا ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بووە و لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا بۆتە دیاردەیەک لە دیاردەکان. شاڵاوی ئەو کۆچە گەیشتە وڵاتانی باکووری ئەوروپاش بە تایبەتیش نەرویج، فینلەندا و دانیمارک، بەڵام دیسان سوید و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەریتانیا بێ بەش نەبوون و ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچبەرانە لەو چوار وڵاتە داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە.

تا ئێستاش کۆچی کورد بە تایبەتیش گەنجان بەردەوامە بەڵام دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ بە جۆرێک کەمبۆتەوە دەرک بە کۆچکردنەکە ناکرێت.

## ژمارەی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا

رۆهات ئالاکۆم2 پێی وایە کە تا ساڵی 2004 تەنیا 23773 کورد بۆ وڵاتی سوید کۆچیان کردووە، بەڵام پێویستە بە گومانەوە سەیری ئەو ژمارەیە بکرێت چونکە مەعقوڵ نیە لە دوا هەڵبژاردنەکانی عیراقدا کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2005 بەڕێوەچوو تەنیا لە سوید لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زیاتر لە 17000 دەنگی هێناوە کە وەک دەزانرێت تەنیا کوردی کوردستانی عیراق بۆیان هەبووە دەنگ بدەن کەچی ژمارەی کوردی هەموو پارچەکان بگاتە 23773 کوردا! ئەمە و لە شوێنێکیتردا بە پشتن بەستن بە رێژەی تەخمین دەڵێت ژمارەی کورد لە سویددا نزیکەی 100000 کوردە، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە عێراق، ئیران، تورکیا، سوریا، لوبنان بۆ سوید کۆچیان کردووە بریتیە لە 184000 کەس، دیارە نیوەی زیاتر لەو ژمارەیە کوردن. بە هۆی بوونی کەموکوڕی لە کەیسی کورد لە کاتی داوای مافی پەنابەرێتی و نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ناتوانرێت بە وردی ژمارەی کورد لە تەواوی تاراوگەدا دیاری بکرێت.

---

[1] Rohat alakom, Kurderna- Fyrtio år i Sverige ,Serkland-2007 -

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

ئەمە و ماڵپەڕی ئینستیوتی کورد لە پاریس[3] نووسیویەتی: سەرژمێرییەکی ورد و باوەڕپێکراو سەبارەت بە بوونی کورد لە ئەوروپا نیە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن کە بە نزیکی ٨٥٠،٠٠٠ کورد لە ئەورووپای رۆژئاوا دەژین. وەک ماڵپەڕەکە نووسیویەتی تا ساڵی ١٩٩٥ ژمارەی کورد لە ئەورووپادا بەم شێوەیە بووە:

ئەڵمانیا ٦٠٠،٠٠ تا ٦٥٠،٠٠

فەڕەنسا ١٠٠،٠٠ تا ١٢٠،٠٠٠

هۆڵەندا ٧٠،٠٠٠ تا ٨٠،٠٠٠

سویسرا ٥٠،٠٠٠ تا ٧٠،٠٠٠

بەلجیکا ٥٠،٠٠٠ تا ٦٠،٠٠٠

نەمسا ٥٠،٠٠٠ تا ٦٠،٠٠٠

سوید ٢٥،٠٠٠ تا ٣٠،٠٠٠

بەریتانیا ٢٠،٠٠٠ تا ٢٥،٠٠٠

یۆنان ٢٠،٠٠٠ تا ٢٥،٠٠٠

دانیمارک ٨،٠٠٠ تا ١٠،٠٠٠

نەرویج ٤،٠٠٠ تا ٥،٠٠٠

ئیتاڵیا ٣،٠٠٠ تا ٤،٠٠٠

فینلەندا ٢،٠٠٠ تا ٣،٠٠٠

ئەمە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ١٥،٠٠٠ بۆ ٢٠،٠٠٠ هەزار کورد دەژیت.

بەڵام بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی دیسان نافەرمی ئێستا ژمارەی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیەیە: ئەڵمانیا ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزار، فەڕەنسا زیاتر لە ٩٠ هەزار، هۆڵەندا نزیکەی ٨٠ هەزار، بەلجیکا زیاتر لە ٦٠ هەزار، بەریتانیا زیاتر لە ١٠٠ هەزار، نەمسا زیاتر لە ٥٠ هەزار، ئیتالیا ١٢،٠٠٠، دانیمارک زیکەی ٢٠ هەزار، سوید زیاتر لە ١٠٠، سویسرا زیاتر لە ٧٠ هەزار، فینلاند نزیکەی ٦ هەزار، نەرویج نزیکەی ١٠ هەزار، ئیتاڵیا نزیکەی ١٠ هەزار، یۆنان نزیکەی ٣٠ هەزار، ئیسپانیا ٩٠٠کەس، پورتوگال ٢٠٠ کەس، بولگاریا ٢٠٠ کەس، هەروەها ژمارەیەک کورد لە رۆمانیا و چەند وڵاتێکی تری ئەورووپی دەژین بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە پێشتر سەربە کەمپی وڵاتانی سۆسیالیستی بوون. ئەمە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نزیکەی ١٠٠ هەزار کورد دەژیت. هەروەها وڵاتەکانی کەنەدا، ئوستراليا، نیوزلاند و چەند وڵاتی تر لە ئاسیا کوردی تێدا دەژیت.

9- WWW.INSTITUTKURDE.ORG/EN/KURDORAMA

# بەشی دووەم
# هەڵبژاردن لە ناوەوە و دەرەوە عیراق

## دەسەڵاتی یاسایی و هەڵبژاردن لە عیراق ۱۹۲۱-۲۰۰۳

دەوڵەتی عیراق ساڵی ۱۹۲۱ دامەزرا، هەر زوو وڵاتەکە ئاشنا کراوە بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان، بنەمای دەسەڵات پاشایەتی بووە، یەکەمین دەستووری عیراق بەناوی یاسای بنەڕەتی عیراق دەرچووە. لە دەستووردا هاتووە عیراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە و حکومەتێکی پاشایی میراتگرییە و شێوەیەکی نوێنەرایەتی هەیە.

لە ماوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، دەسەڵاتی یاسادانان بریتی بوو لە دوو ئەنجومەن " ئەنجومەنی ئەعیان و ئەنجومەنی نوێنەران" ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان لە لایەن پاشاوە دادەمەزران، بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی مەرجدار و ناڕاستەوخۆوە بووە. بەڵام بە گوێرەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٤٦، ئەنجومەنی نوێنەران بە دوو قۆناغ بەڕێوەچووە، یاسای زۆرینە پێڕەوکراوە وەک لە یاسای پێشوو هەبووە، لە نێوان دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی کۆماریدا چەند گۆڕانکارییەک لە یاسای هەڵبژارندا ڕوویداوە. کە بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتیان وەرگرت تا ساڵی ١٩٨٠ هیچ هەڵبژاردنێکیان نەکرد، ئەو ساڵە یاسای ژمارە ٥٥ یان دەرکرد و دەنگدان بە شێوەی نهێنی و ڕاستەوخۆ بوو، ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیان کرد بە ٢٥٠ ئەندام. بەعسییەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ لە دەسەڵات مانەوە لە ماوەی دەسەڵاتیاندا چەند گۆڕانکارییەکیان لە یاسای هەڵبژاردندا کرد، بۆ نموونە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی بڕیار لێدراو بۆ ساڵی ١٩٩٥. هەڵبژاردن لە ماوەی دەسەڵاتی بەعس و دەسەڵاتەکانی پێشوودا زۆر جیاواز بووە، هەڵبژاردنەکانی بەعس شێوەیەک بوو لە شێوەکانی دیکتاتۆرییەت و بۆ بەهێزکردنی پێگەی بەعس بووە نەک لە پێناوی ئاڵوگۆڕی لە دەسەڵاتدا.

لە ساڵی ١٩٢٤ تا ساڵی ٢٠٠٣ لە عیراقدا ئەم یاسایانە بۆ هەڵبژاردن دەرکراون:

- یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ساڵی ١٩٢٤
- یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٤٦
- مەرسومی هەڵبژاردنی نوێنەران، بڕیارلێدراوی ژمارە ٦ بۆ ساڵی ١٩٥٢
- یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران، ژمارە ٥٣ بۆ ساڵی ١٩٥٦
- یاسای ژمارە ٧ بۆ ساڵی ١٩٦٧
- یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە ٥٥ بۆ ساڵی ١٩٨٠
- یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە ٢٦ بۆ ساڵی ١٩٩٥

لە ماوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا. ماوەی فەیسەڵی یەکەم ١٩٢٥-١٩٣٣، ماوەی غازی ١٩٣٣-١٩٣٩، ماوەی عەبدوئیللا ١٩٣٩-١٩٥٣، ماوەی فەیسەڵی دووەم ١٩٥٣-١٩٥٨، چەندان گۆڕانکاریی لە یاسای هەڵبژاردندا کراوە، یەکەمین یاسا لە ساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٤٦ کاری پێکراوە، پاشان وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە سێ جاری تر یاسا دەرچووە.
بەڵام دوای گۆڕینی ماوەی دەسەڵاتداریێتی پاشایەتی و هاتنە کایەی دەسەڵاتداریێتی کۆماریی هەر لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ٢٠٠٣ پێنج جار گۆڕانکاریی لە عیراقدا ڕوویداوە، ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەرییان لەسەر یاسا و پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هەبووە. لە ڕۆژگاریی کۆماریی یەکەمدا کە دەکاتە ماوەی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨-١٩٦٣هەڵبژاردن لە عیراقدا نەکراوە و دەستووری عیراق دەسەڵاتی یاسادانانی بە ئەنجومەنی وەزیران داوە، ئەمە و دوای تەسدیقکردنی لە لایەن ئەنجومەنی سەروەری. بەڵام لە ڕۆژگاریی دەسەڵاتی دووەمینی کۆماریدا کە دەکاتە ماوەی دەسەڵاتی عەبدولسەلام محەمەد عارف ١٩٦٣-١٩٦٧ ئەنجومەنی گەل پێڕەوی دەسەڵاتی یاسادانانی کردووە. هەروەها لە ڕۆژگاریی سێیەمینی کۆماریدا کە دەکاتە ماوەی دەسەڵاتی عەبدولرەحمان محەمەد عارف لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٨ دەستوور نەگۆڕاوە و پرۆسەی هەڵبژاردنیش بەڕێوەنەچووە. ئەمە و لە ڕۆژگاریی چوارەمینی کۆماریدا کە دەکاتە ماوەی دەسەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر ١٩٦٨-١٩٧٩ بە گوێرەی دەستووری کاتی و لە بابی چوار لە فەسڵی یەکەمدا کە ناونیشانی سیستەمی دەسەڵاتە، دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دراوە. بەڵام لە ڕۆژگاری پێنجەمینی کۆماریدا واتە لە ماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن ١٩٧٩-٢٠٠٣دا کە بەعسییەکان لەسەر دەسەڵات بەردەوام بوون، بە گوێرەی یاسای ژمارە ٥٥ ی ساڵی ١٩٨٠ لە عیراقدا هەڵبژاردنێکی

شکلی کرا و هەژموونی بەعس بەسەر ئەنجومەنی نیشتمانیدا دیاربوو و ئەندامانی ئەنجومەنەکە ئەندامانی حزبی بەعس بوون. لە ماوەی دەسەڵاتی بەعسدا چەند جارێک دەستکاریی شکلی بۆ یاسای هەڵبژاردن کراوە.
تا روخانی دەسەڵاتداریتی حزبی بەعس، لەم ساڵانەدا هەڵبژاردن کراوە:
١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٨، ١٩٣٠، ١٩٣٣، ١٩٣٤، ١٩٣٥، ١٩٣٦، مانگی شوبات١٩٣٧، مانگی کانوونی یەکەم ١٩٣٧، ١٩٣٩، ١٩٤٣، ١٩٤٧، ١٩٤٨، ١٩٥٣، مانگی حوزەیرانی ١٩٥٤، مانگی ئەیلولی ١٩٥٤، ١٩٥٨، ١٩٨٠، ١٩٨٤، ١٩٨٩، ١٩٩٦، ٢٠٠٠، هەروەها ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمینجار لە عیراقدا راپرسی کراوە[4].

## دەسەڵاتی یاسایی و هەڵبژاردن لە عیراق دوای ٢٠٠٣

بە روخاندنی دەسەڵاتی حزبی بەعس ئاووهەوایەکی تر لە عیراقدا هاتە ئاراوە، دیموکراتی و هەڵبژاردن بوونە دوانەی سەرکەوتن و گەیشتنە کورسی دەسەڵات، ئەگەرچی ئەم ویردە وەک ئاوازێکی خۆش دەبیسترا، بەڵام هەر زوو وێنەی راستەقینەی عیراقی نمایش کرد، کە وڵاتێکە لەسەر بنەمای نەتەوە و مەزهەب جیاکراوەتەوە. لە سەرەتا بریمەر کە دەسەڵاتدارێکی ئەمریکی بوو ئەنجومەنێکی ٢٥ ی کەسی بۆ بەڕێوەچوونی عیراق لە عیراقییەکان بە شێوەیەکی هەماهەنگی پێکهێنا، لەو ژمارەیدا ٩ کەس سەرکردایەتی ئەنجومەنەکەیان دەکرد و هەر یەکێکان بۆ ماوەی مانگێک عیراقیان بەڕێوە دەبرد.
بە گوێرەی فەرمانی ژمارە ٩٦ی ساڵی ٢٠٠٤ دەسەڵاتی کاتی ئیئتلاف، یەکەمین هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، کۆمەڵەی ناوبراو لە ٢٧٥ ئەندام پێکهاتبوو، ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەی رێژەیی بوو، هەموو عیراق یەک یەکەی هەڵبژاردن بوو. رۆژی ١٠/١٥/ ٢٠٠٥ راپرسی لەسەر دەستوور کرا و رێژەی بەشداربووان بریتی بوو لە ٧٩%. ئەمەو بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٤ و یاسای ژمارە ٩٦ ی ساڵی ٢٠٠٤ هەموارکراو رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٣٠ هەڵبژاردنێکی تر کرا و سیستەکەمە بازنەیی بوو، چەند گۆڕانکارییەکی تریش لە یاساکەدا کرا. بۆ هەڵبژاردنی یەکەم سەبارەت بە دەنگدەر و کێ بۆی هەیە دەنگ بدات پشت بە کۆبوونی خێزان بەسترا کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی ئامادەکرابوو.
لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤ ئەم راپرسی وهەڵبژاردنانە لە عیراق کراون:[5]

- هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی " قۆناغی گواستنەوە" ٢٠٠٥/١/٣٠
- راپرسی سەبارەت بە دەستوور ٢٠٠٥/١٠/١٥
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ٢٠٠٥/١٢/١٥
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ١٣-٢٠١٠/٣/١٤
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ٢٠١٤/٤/٣٠
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٩
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠١٣

[4] - بۆ ئەم زانیارییانە زیاتر سوود لەم سەرچاوەیە بینراوە: حیدر المعتصم، الانتخابات التشريعية في العراق تأريخ وجذور، مجلة الرائد، ٢٠١٠/٣/٢٤

[5] - سوود لە ماڵپەڕی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق بینراوە: www.ihec.iq

تا ئێستا دوای ڕوخاندنی دەسەلاتی سەدام حوسێن، لە دەرەوە " تاراوگە" چوار جار هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کراوە. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن پرۆسەکانی بەڕێوەبردووە و بۆ هەندێک کاروباری دەرەوە بە تایبەتیش ئاگادارکردنەوەی ئەو وڵاتانەی کە هەڵبژاردنەکانی تێدادەکرا لەگەڵ باڵیۆزخانەی عیراق لەو وڵاتانەدا هەماهەنگی کراوە.

بۆ نموونە هەردوو هەڵبژاردنی دەرەوە لە ساڵی ۲۰۰٥ لە پانزدە دەوڵەت بەڕێوەچوو: ئوستراليا، ئێران، تورکيا، ئیمارات، ئوردن، سوريا، لوبنان، هۆڵەندا، دانیمارک، سوید، نەمسا، ئەڵمانيا، کەنەدا، بەریتانيا، ئەمریکا. هەروەها هەڵبژاردنی ساڵی ۲۰۱٤ ۲ لەم ۱۹ وڵاتە بەڕێوەچووە:

تورکيا، ئیسپانیا، فەڕەنسا، لوبنان، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، ئوردن، نەمسا، سوید، ئێران، دانیمارک، ئوستراليا، کەنەدا، هۆڵەندا، ئەڵمانيا، بەریتانيا، ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نیوزلەندا، میسر، نەرویج.

بە گوێرەی ماددەی ٤ لە فەقەرەی ۸ یاسای ژمارە ۱۱ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕەشنووسی سیستەمی هەڵبژاردن بۆ دەرەوە دەرچووە و لە هەڵبژاردنەکاندا پێڕەوی کراوە و لە ڕەشنووسەکەدا کۆمەڵێک خاڵ و پرانسیپ دەستنیشانکراون، بۆ نموونە: پرۆسەی هەڵبژاردن لە دەرەوە لە ڕێگای یەکەیەکەوە بەڕێوەدەبردرێت کە نووسینگەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانە دەکاتەوە کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت، بە گوێرەی کۆمەڵێک سیستەم و ڕێنمایی کارەکە ڕایی دەکرێت، هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکانی عیراق دەکرێت. ئەو ڕەشنووسە بریتییە لە ۱۲ مادده و کۆمەڵێک خاڵ، کە وردەکاری پرۆسەکەی تیایە.

بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشووش یاسا و ڕێنمایی دەرکراوە کە زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەم ڕەشنووسەدا نیە و وەک تازەترین بەڵگە ئاماژەم بەو ڕەشنووسەدا.

## کۆمیسیۆن و پرۆسەکانی هەڵبژاردن

سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیسیۆن و ئەرکەکانی و بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردن ئەم زانیارییانەم لە ماڵپەڕەکەیان وەرگرتووە و لە چەندان شوێندا دەقاودەق گواستوومەتەوە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە پێی یاسای ژمارە 92 لە 2004/5/31 دا دامەزرێنرا، بۆ ئەوەی ببێتە تەنها دەسەلاتی هەڵبژاردن لە عیراقدا، کۆمیسیۆن دەستەیەکی پیشەیی حکومی سەربەخۆ و بێ لایەنە، کەسایەتیەکی مەعنەوییە و دەچێتە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، هێزی ڕەهای یاسای دەسەلاتی ڕاگەیاندن و ئەنجامدان و جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکان و کارڕاییەکانی هەیە لە سەر ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان. کۆمیسیۆن لایەنی ئامادە و جێبەجێکراو و بانگەشەکەرە لە ڕوی ڕاگەیاندنەوە بۆ هەر کردارێکی هەڵبژاردن یان ڕاپرسی لە عێراقدا. ئەمە و دوای ئەوەی یاسای نوێی کۆمیسیۆن ژمارە 11 ساڵی 2007 لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرکرا، کۆمیسیۆنی بەرپرس کردووە لە ئامادە و سەرپەرشتیکردن و پلاندانان و جێبەجێکردنی هەرسێ پرۆسەی هەڵبژاردن.

ئەنجومەنی کۆمیسەران لە 9 ئەندام پێک هاتووە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەڵبژێردراوە، کاروبارەکانی کۆمیسیۆن بەڕێوەدەبەن. کۆمیسیۆن لە چەند بەڕێوەبەرایەتییێک پێکهاتووە، ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەڵبژاردنەوە، بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردنە بریتییە لە دەزگای بەرێوەبردن و جێبەجێکردن کە کۆمیسیۆنی باڵا و سەرۆکایەتی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەکات و پێکدێت لە نووسینگەی نیشتیمانی و نۆزدە نوسینگەی هەڵبژاردن لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق، سەرەڕای دەستەی هەرێمی کوردستان.

بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکانی من ئەو ۹ کەسەی کە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانن لە لایەن حزبەکانەوە دەستنیشان کراون و وەک پاڵێوراو ناویان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز دەکرایەوە پاشان دەنگیان بۆ دەدرا، هەر لە ساڵی ۲۰۰٤ تا بە ئەمڕۆ دەگات هەر دوو ئەندامە کوردەکەی ئەو ئەنجومەنە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانن. ئەگەرچی ئەوان سەر بەو دوو حزبەن بەڵام لە باری یاسادا ناکرێت و نابێت لە ناو کۆمیسیۆندا هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن یاخود هەر فەرمانبەرێکی تر کاری حزبی بکات.

## پێکهاتەی نووسینگەکانی دەرەوە

بەڕێوەبەرایەتی دەرەوەی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی ئیدارەی پرۆسەکە دەکات و ئەندامێکی ئەنجومەن سەرپەرشتیاری یەکەکەیە. یەکەی سەرپەرشتی وڵاتانیش ناوی نووسینگەیە. چۆنیەتی پێکهاتەی یەکەکانی تریش وەک مەڵبەندی هەڵبژاردن، ویستگەکان وەک ناوەوەی وڵاتە و سندوق، لیستی پاڵێوراوان و زەرف و شتەکانی تر لە ناوەوە دەنێردرێت.

بۆ زۆربەی وڵاتەکان بەڕێوەبەری نووسینگە و فەرمانبەرێکی تر کە زیاتر کاری دارایی و وردبینی ژمێریاری دەکات لە ناوەوەی وڵات دەنێردرا و لە هەڵبژاردنەکانی دوایشدا جێگر یاخود بەرپرسی کارگێڕیش لە ناوەوە دەنێردرا، بەڵام تەواوی فەرمانبەر و کارمەندەکانی تر لەو عیراقییانە دەبوون کە لەو وڵاتانە دەژیان.

بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەرەوە سەرەتا بانگەواز بڵاودەکرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەنکێتی دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست، گرێبەستەکان لە ١٠ رۆژی تیایە تا ٢ مانگ. زۆربەی نووسینگەکان لە بانکی ئەو وڵاتانەدا ژمارەیەکی حیسابی دەکەنەوە و لە وڵاتەوە پارەیان بۆ تەحویل دەکرێت، بڕی پارەکە بە گوێرەی رێژەی خەملێنراوی عیراقییەکان بووە لە وڵاتەکاندا. وڵات هەبووە لە دوو ملیۆن دۆلار زیاتری بۆ تەحویل کراوە، لەو پارەیەدا تەواوی مەسروفەکان دەدرا، هەر لە پارەی فەرمانبەرە گرێبەستەکان تا مەسروفی رۆژانە. پارەی گرێبەستەکان لە ٨٠٠ دۆلاری تیابووە تا ١٥٠٠٠ بیست هەزار دۆلار.

پێکهاتەی نووسینگەکان پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەر، بەرپرسی کارگێڕی، بەرپرسی ژمێریاری، بەرپرسی مێدیا، بەرپرسی ئای تی، بەرپرسی ئەمنیەت، بەرپرسی راهێنەرەکان.. هتد. لەم بەشانەدا چەندان فەرمانبەریش کاریان تێدا کردووە.

لە هەر وڵاتە و بە گوێرەی چڕی عیراقی نیشتەجێ لە شار و شوێنەکاندا مەڵبەندی هەڵبژاردن کراوەتەوە، بۆ نموونە وڵات هەیە تەنیا لە یەک مەڵبەند پێکهاتووە، بەڵام وڵاتی تر هەیە لە ٨ مەڵبەند زیاتر بووە و هەر مەڵبەندە چەندان وێستگەی هەبووە.

لەو وڵاتانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا کراوە، پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو وڵاتانە دوور و نزیک چاودێری پرۆسەکەیان کردووە تا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو روونەدات.

بۆ دانانی کارمەند و فەرمانبەرەکان حزب و لایەن و تا ئاستێک باڵیۆزخانەی عیراق لە وڵاتەکاندا تەدەخولیان کردووە بە مەبەستی دانانی کەس و ئەندام و دۆست و هاوڕێی خۆیان. کۆمیسیۆن لە ناوەوەی وڵاتیش تەدەخولی کردووە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەند لە خزم و کەس و دۆستی خۆیان کە لە دەرەوە دەژین.

لە تەواوی وڵاتاندا نووسینگەی کۆمیسیۆن تا بە ئەنجومەنی باڵا دەگات لە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندەکاندا لە دەرەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بووەتەوە، ئەویش پشکی نەتەوەیی و مەزهەبی بووە، بۆ نموونە لە چەندان وڵاتدا رێژەی کورد زیاترە لە عەرەب بەڵام بەڕێوەبەری نووسینگەکان رەچاوی رێژە و رێژەکاریان نەکردووە هەوڵیانداوە نەتەوەی سەردەست کە عەرەبە بەسەر نەتەوەی کورد فەرز بکەن، تا رێژەی زۆرینە بۆ عەرەب بێت، بەڵام بەهۆی تەدەخولی نوێنەری لیست و حزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵە و گروپە کوردستانییەکان رێگری لەو هەوڵە کراوە، بەڵام بەرپرسانی کۆمیسیۆن بە عەقڵی عیراق و پێکهاتەکانی عیراق مامەڵەیان کردووە و غەدرێکی ئاشکرایان لەو رووەوە کردووە! ئەوان لە دەرەوەش بە هەمان بیرکردنەوەی ١٧% فەرمانبەر و کارمەندەکانیان دابەشکردووە، بەڵام هەقیقەتێک هەیە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، لە چەندان وڵاتدا فەرمانبەرە کوردەکانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتاندا رێگریان لەو دابەشکردنە نادادپەروەرییە کردووە و لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەبدا رێژەی فەرمانبەران بە یەکسانی دابەشکراوە و رێژەیەکیش بۆ کەمەنەتەوەییەکان داندراوە. ئەگەرچی ئەو هەوڵ و فشارانە پێڕەوی کراون بەڵام ژێر بەژێر بە دەر لەو کارە رێژەکە گۆڕانکاریی تێداکراوە و هەوڵدراوە رێژەی فەرمانبەری نەتەوەی عەرەب زیاد بکرێت.

ئەمە و لە نووسینگەکانی هەڵبژاردندا دوو یاخود یەک کەس لە ستافی نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوام چاودێری پرۆسەی کارەکان و دەنگدانیان کردووە و لە کۆتایدا راپۆرتی خۆیان نووسیوە. لە رۆژی دەنگداندا پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەباری تەکنیک و چاودێریدا وەک ناوەوەی وڵات بەڕێوە چووە.

## سەرنجی تر...

بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێویستە ستافی نووسینگەکان، فەرمانبەران و کارمەندان خەڵکی سەربەخۆبن و ئەندامی حزب و گروپە سیاسییەکان نەبن. یان ئەگەر پێشتر ئەندام بن نابێت و قەدەغەیە لە ناو دامودەزگاکانی کۆمیسیۆن و لە ڕۆژانی دەنگداندا حزبابەتی بکەن و ژیانی حزبیان لەسەر پڕۆسەکە ڕەنگ بداتەوە. لە دەرەوە هەوڵدرا تا ئاستێک ڕێ لە دیارەی حزبیبوون بگیرێت.

ئەوەی جێگای پرسیار و هەڵوەستە بۆ کردنە نوێنەر و چاودێری حزب و لیستەکانی بەشداربووی پڕۆسەی هەڵبژاردن، زۆربەی هەرەزۆریان ڕێنماییەکانی چاودێریان فەرامۆش دەکرد، هەروەها بە داخەوە بە هەمان عەقڵی عیراق چاودێری پڕۆسەکەیان دەکرد و بە گوێرەی ئیجتهادی شەخسی بڕوبیانوویان دەدۆزییەوە و کۆمیسیۆنیان تاوانبار دەکرد کە چوارچێوەیەک بۆ کاریی چاودێریی دادەنێت، ئەوەندەی من زانیاریم کۆکردۆتەوە و سەیری بەڵگەنامەکانم کردووە زۆربەی نوێنەر و چاودێری لیست و قەوارەکان زانیاریان سەبارەت بە کارەکەیان نەبووە، ڕەنگە لەو ڕووەوە کۆمیسیۆنیش خەمسارد بێت، کە لە زۆرەی وڵاتان کۆرس و دانیشتنی بۆ لیست و قەوارە سیاسییەکان بە شێوەیەک ساز نەکردووە تا زۆرترین زانیاری بگەیەنێت، بەڵام خاڵی جەوهەری لەو فەرامۆشیەدا خودی لیست و قەوارەکانن.

لە زۆربەی وڵاتەکاندا مێدیای وڵاتەکان و مێدیای حزب و لایەنەکان ڕووداوی دەنگدانەکە و کێشە و گرفتەکانیان بڵاوکردۆتەوە، مێدیای وڵاتان لەسەر خاڵە تیشکهاوێژەکان دەوەستان، بە تایبەتیش ڕووداوێک کە شایانی هەڵوەستە بۆکردن بێت.

ئەمەو پێش پڕۆسەکە نووسینگەکانی دەرەوەی کۆمیسیۆن چەند کەسێکی دەستنیشان دەکرد بە مەبەستی مەشقپێکردن وەک ڕاهێنەر بۆ کۆرسی تایبەتی دەیناردن. لە هەڵبژاردنی یەکەمیندا لە وڵاتی ئوردن و لە هەڵبژاردنی سێیەمدا لە وڵاتی تورکیا کۆرسەکان بەڕێوەدەچوون. بۆ دامەزراندنی کارمەندیش کە بە گرێبەست بوو سەرەتا ڕێکلامی بۆ دەکرا پاش چاوپێکەوتن ئینجا گرێبەستەکە واژۆ دەکرا، بەڵام لە هەقیقەتدا ئەمە تەنیا وەک پرانسیپی سەر کاغەز بوو، چونکە بەڕێوەبەری نووسینەگەکان پێشێلی ئەو دیسپلینەیان دەکرد و ڕاستەوخۆ بۆ دامەزراندنەکان تەدەخولیان دەکرد.

بەڕێوەبەری نووسینگەکان و ستافی عیراق ڕۆژانە پێشێلی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنیان دەکرد بە تایبەتیش بۆ ستافی نووسینگەکان و گرتنی هۆڵ و شوێنی مەڵبەندەکانی دەنگدان و شوێنی پاراستنی بەڵگەنامەکان و چۆنیەتی گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ مەڵبەندەکانی دەنگدان.

زۆربەی هەڵبژاردنەکان کە لە دەرەوە کراون ڕۆژانی پشوو واتە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە بۆ دەنگدان داندراوە، ئەمجارە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ڕۆژی دووەمی دەنگدان ڕۆژی دووشەممە داندرابوو.

# بەشی سێیەم
# کورد و دەنگدان لە تاراوگە

## عیراقییەکانی دەرەوە و دەنگدان

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا دەنگی ئەو عیراقییانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین فەرامۆش نەکرێت، بۆ ئەو مەبەستە چەند بڕیار و ڕێنماییەکی دەرکرد، هەڵبژاردن لە دەرەوەش کرا بۆ ئەو مەبەستە پارەیەکی زۆر تەرخانکرا، بۆ نموونە بۆ یەکێک لە هەڵبژاردنەکان ٨٠ تا ٩٠ ملیۆن دۆلار داندرابوو.

ئەگەرچی ناتوانرێت بە وردی ژمارەی پەنابەری عیراقی لە دەرەوە ئەژمار بکرێت، بەڵام لە چەندان سەرچاوەدا هاتووە کە زیاتر لە ملیۆنێک عیراقی لە دەرەوە دەژین و وەک پەنابەر تاراوگەنشینن، لەو ژمارەیەشدا ئەگەر کورد و خەڵکی کوردستان نیوەی ئەو ملیۆنە پێکنەهێنن ئەوە کەمترنین. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی یەکەمین هەڵبژاردنی عیراقی لە دەرەوە کردووە پێی وابووە ملیۆنێک و ٢٧٧ هەزار و ٣٣١ عیراقی تا ساڵی ٢٠٠٥ لە دەرەوە دەژیان، بەڵام دەرکەوت ئەو ژمارەیە زۆر ورد نیە، چونکە لە یەکەم هەڵبژاردندا بە نزیکی ٢٦٥ هەزار کەس دەنگی داوە. ئەمەو لە هەڵبژاردنی دووەمدا کە ڕاستەوخۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق سەرپەرشتی کردووە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس دەنگی داوە و بڕی تێچووی ئەو هەڵبژاردنە ١٧ ملیۆن و ٦٨٥ هەزار و ٩٢٢ دۆلار بووە، کەواتە هەر دەنگێک ٦١ دۆلار لەسەر عیراق کەوتووە. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ بڕی پارەی تێچوو دەبێت بە ٢٥ ملیۆن دۆلار، بەڵام کێرڤی ڕێژەی دەنگدەر دادەبەزێت.
بۆ هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٤ دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەکە سەرۆکی کۆمیسیۆن گووتویەتی؛ لە دەرەوە زیاتر لە ١٦٥ هەزار عیراقی دەنگیان داوە. بە هەمان شێوە پارەیەکی قەبە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە تەرخان کرابوو.

## دەنگدەری کورد لە پرۆسەکەدا

نەبوونی لۆبی کوردستانی کاریگەریی دیاری لەسەر ڕێژەی دەنگدەردا هەبووە، ئەوە حزبەکانن دەنگدەر ڕێکدەخەن و هانی دەدەن بۆ ڕۆژانی دەنگدان، لە هەر چوار پرۆسەکەدا حزب و ڕێکخراوەکانی باشوور هەر یەکێکیان هەوڵیداوە زۆرترین دەنگدەر بۆ خۆیان ببەن و بە هەمان شێوازی ناوەوەی وڵات خەڵکیان هانداوە بە ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی ئەو وڵاتەی کە پرۆسەکەی تێدا بەڕێوەچووە.

لە هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق رابەری دەنگدەریان کردووە، ئەگەرچی لەو دوو هەڵبژاردنەدا بە یەک لیست وەک هاوپەیمان بەشداربوون، بەڵام هەست بە جیاوازی حەماسەتی ڕۆژانی دەنگدان دەکرا. هەروەها چەند حزبێکی تریش بەشداریان لە پرۆسەکەدا کرد بەڵام ژمارەی دەنگەکانیان بەشێوەیەک نەبوو کە کاریگەریی لەسەر ئەنجامەکان هەبووبێت.

ئەمە و لە دوو هەڵبژاردنەکانی کۆتاییدا واتە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤دا بزووتنەوەیەکی خاوەن پێگە لە تاراوگە کەوتە ململانێ لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی " پارتی و یەکێتیی " و توانی دەنگێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە، ئەویش بزووتنەوەی گۆڕان بوو، هەروەها بزاڤە ئیسلامییەکەش ژمارەی دەنگەکانیان بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی تر روو لە هەڵکشان بووە.
تەواوی هێزە کورد و کوردستانییەکان پارەیەکیان خستبووە ژێر دەستی بەرپرسەکانیان لە دەرەوە تا هەم کار ئاسانیان بۆ بکەن بۆ گەیشتن بە مەڵبەندەکانی دەنگدان، هەم باشتر و کاریگەرتر هانی ئەندام و لایەنگرەکانیان بدەن بەشداری لە دەنگداندا بکەن.
هەروەها راگەیاندنی حزبەکان بە تایبەتیش ماڵپەڕە ئەلیکترۆنی و تەلەفزیۆنە سەتەلایتەکانیان هەواڵ و راپۆرتەهەواڵ و دیداری ڕۆژنامەنووسیان لەگەڵ کوردستانیانی دەرەوە بڵاودەکردەوە، ئەمەو سەرەڕای بڵاوکردنەوەی لۆگۆ و دروشم و ناوی کاندیدانی حزبەکانیان.

## ئەنجام و لاربوونەوەی کێرڤ

بەرپرسەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە لە دوا هەڵبژاردندا ژمارەی دەنگدەران کەم بۆتەوە، لەو رووەوە شارەزایەک[6] لە کاروباری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا پێی وایە کە دابەزینی کێرڤی بەشداربوون لە هەڵبژاردندا هەر تەنیا پەیوەندی بەم هەڵبژاردنەوە نیە، بەڵکو هەر لە هەڵبژاردنی یەکەمیندا رووبەڕووی هەمان کێشە بۆتەوە. ئەم کێشەیە پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە و لە ناونیشانەکانی داهاتوودا لەسەری دەوەستم

بۆئەوەی باشتر لە دابەزینی دەنگدەری کورد لە دەرەوە بگەین، چەند داتایەک دەخەمەڕوو. ئەو ژمارانە بەیان دەکەم کە حزب و هاوپەیمانییە کوردستانییەکان[7] لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو لە ئەوروپا و ئەمریکا بەدەستیان هێناوە

وەک نموونە لە هەڵبژاردنی مانگی ٢٠٠٥/١٢ لە سوید لە کۆی ٣١٠٠٠ دەنگدەری عیراقی لیستی هاوپەیمانی کوردستان زیاتر لە ١٧٤٠٢ دەنگی هێنا، هەروەها لە وڵاتەکانی تریشدا ژمارەی دەنگەکان گۆڕانکاریی تێدا بووە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارەی دەنگەکانی بەم شێوە بووە: دانیمارک 3642، نەمسا 606، سوید 17402، هۆڵەندا 8405، ئەمریکا 4047، ئەڵمانیا 15617، بەریتانیا 18391.

بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، بزووتنەوەی گۆڕان دەنگەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابەش دەکات و هەر دیسان سوید وەک نموونە وەردەگرین بە هەرسێ لایەنەکە " یەکێتیی، گۆڕان، پارتی" ژمارەی دەنگەکانیان بە ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردنی رابردوو نەبوو، بۆ وڵاتەکانی تریش رووبەڕووی هەمان کێشە بوونەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە کۆمکردوونەوە دەنگی حزب و لایەنە کورد و کوردستانییەکان لە دەرەوە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ٨٠٠٠٠ هەشتا هەزار دەنگ بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو ژمارەیە کەمبۆتەوە، بەڵام لە دوا هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

وەک بەرچاوروونیەک ئەمە وردەکاریی دەنگی کوردی دەرەوەیە بۆ لیست و حزبە کورد و کوردستانییەکان کە دەنگیان بە کاندیدی پارێزگاکان داوە لە ساڵی ٢٠١٤ دا[8]:

**<u>هەولێر؛</u>**

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان: ٧٦ دەنگ
پارتی دیموکراتی کوردستان ١٨٧٢ دەنگ
بزووتنەوەی گۆڕان ٩٠٣ دەنگ
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ٩٩ دەنگ
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٥١٠ دەنگ
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ١٢٢ دەنگ
بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ١٠ دەنگ

**<u>سلێمانی؛</u>**

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان: ١١٨ دەنگ
پارتی دیموکراتی کوردستان ١٥٢٦ دەنگ
بزووتنەوەی گۆڕان ٥٢٤٧ دەنگ
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ١٢٢ دەنگ
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٢٣٨٢ دەنگ
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٣٧٧ دەنگ
بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ٢٢ دەنگ

---

[6] - اذاعة العراق الحر، ٢٠١٤/٥/٥، www.iraqhurr.org
[7] - ئەوە سێ مانگە هەوڵدەدەم کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی دەرەوەی هەڵبژاردنی یەکەمم بۆ بنێرێت تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نیە. دڵنیابن ئەم داتایەی حزب و لایەنەکان جیاوازی زۆری لەگەڵ ژمارەکانی کۆمیسیۆندا نیە.
[8] - سەربەست مستەفا سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق، لە رێگای ئیمایلەوە وردەکاری دەنگەکانی دوا هەڵبژاردنی بۆ ناردم.

**دهۆک**

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان: ١٠٣ دەنگ

پارتی دیموکراتی کوردستان ٤٨٥٦ دەنگ

بزووتنەوەی گۆڕان ٢٢٣ دەنگ

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ٥ دەنگ

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٢٩٥ دەنگ

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٢٢٥ دەنگ

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان...... دەنگ

**کەرکوک؛**

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان: ١٣٠دەنگ

پارتی دیموکراتی کوردستان ١٢٨٦ دەنگ

بزووتنەوەی گۆڕان ١٢٨٦ دەنگ

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ٤٠ دەنگ

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٣٩٨٠ دەنگ

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٢١٠ دەنگ

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ١٢ دەنگ

**نەینەوا؛**

هاویمانی کوردستانی لە نەینەوا ١٢٨٢ دەنگ

یەکێتیی نیشتمانیی کورستان ٦٥٤

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە نەینەوا لە پارتی دیموکراتیی کوردستان و چەند حزب و لایەنێکی تر پێکهاتبوو.

**دیالا؛**

لیستی ئاشتی کورستانی ٥٧٨ دەنگ

**سەلاحەددین؛**

لیستی هاوپەیمانی برایەتی و پێکەوەژیان ٤٦ دەنگ

ئەگەر ئەم ئەنجامە بە ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنەکەی رابردوو بەراورد بکەین، دەنگی کورد بەجۆرێک لە پاشەکشە دایە پێویستی بە لێوردبوونەوە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە.

## کێشە و گرفتەکانی دەنگدەری کورد

١٠ساڵ واتە ئامادەبوونی نەوەیەک، واتە ١٠ جار کێرڤی دەنگدەر بەرزدەبێتەوە، واتە ١٠ مەوالید ١٨ ساڵی پڕ دەکەن و بۆیان هەیە دەنگ بدەن، بۆ نموونە ئەوانەی ساڵی ٢٠٠٥ تەمەنیان ١٧ ساڵ بوو نەیاندەتوانی دەنگ بدەن بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٠ ئەوان و چوار لە دایکبووی تر ١٨ ساڵیان پڕ کردۆتەوە و بۆیان هەبووە دەنگ بدەن. هەروەها لە نێوان ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ کە دوا هەڵبژاردنی تێدا کراوە سەدان کەس روویان لە دەرەوە کردووە و دەیانتوانی دەنگ بدەن، بەرامبەر ئەمەش دوای ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیەک لە کوردی تاراوگەنشین هاتوونەتەوە کوردستان و لە کوردستان دەژین، بەڵام ئەو ژمارەیە بەو شێوەیە نیە کە کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

ئەی کەواتە بۆچی کێرڤی دەنگدەری کورد لە تاراوگەدا بە جۆرێک لاربۆتەوە لە هەندێک شوێن لە نیوەی تێپەڕاندووە، من هۆکاری ئەو پاشەکشەیەی دەنگدەری کورد لە دەرەوە بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێنمەوە؛

- لاوازبوونی متمانە بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە گوایە دەنگدەکانیان دەسووتێنێت.
- لاوازبوونی متمانەی حزبی و رەنگدانەوەی کێشەکانی کوردستان لەسەر تاکی پەنابەری کورد.
- لاوازبوونی متمانە بە کاندیدەکان کە هیچ بەرنامە و پلانێکیان بۆ کوردستانیانی تاراوگەنشین نەبووە بە تایبەتی دوای ئەوەی سەردەکەوتن.

- فەرامۆشکردنی تاراوگەنشینەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە ماوەی ٢٣ ساڵەی دەسەلاتیدا ئامادە نەبووە بچوکترین پرۆژە بۆ دەرەوە پێشکەش بکات.
- دابەشکردنی مەڵبەندەکانی دەنگدان بە شێوەیەک نەبوون کە دەنگدەر بە کەمترین مەسروف و لە کەمترین کاتدا بگاتە وێستگەکانی دەنگدان.
- چێبوونی حاڵەتێکی دەروونی ناجێگیر لە لایەن دەنگدەری کورد ئایا بۆچی دەنگ بدات! ئەگەر دەنگ بدات و نەدات چ لە حاڵەتەکە دەگۆڕێت!
- مەزهەبگەرایی بۆتە میتۆدێکی زاڵی کوردی شیعەمەزهەب و ژمارەیەکی زۆریان دەنگیان بە لیستە شیعەکان دا.
- ژمارەیەک دەنگدەر بە هەڵە دەنگیان داوە.
- نەبوونی بەڵگەنامەی عیراقیبوون کێشەیەک بوو لە کێشەکانی دەنگدەران، ئەگەر دەنگیشیان دابێت لەکاتی ئەژمارکردندا پوچەڵ کراونەتەوە.
- هەندێک لە نەوەی دووەم و ژمارەیەکی بەرچاویش لە نەوەی سێیەم ئەگەر زمانی کوردی بۆ ئاخافتن بزانن ئەوە بۆ نووسین و خوێندنەوە نازانن. هەردوو نەوەکە زمانی عەرەبی نازانن، هەر بۆیە لەکاتی دەنگداندا ئەمە یەکێک بوو لە کێشەکان، پێویستە لەسەر بلانکێتی دەنگداندا زمانی ئینگلیزیش هەبێت.
- کەمتەرخەمی لایەنە کوردستانییەکان بۆ گەیاندنی دەنگدەری کورد بۆ مەڵبەندەکانی دەنگدان.
- بەهۆی گەندەڵی و پێڕەوکردنی پرانسیپی حزبێنە و خزمخزمێنە لە ناوەوەدا، خەریکە ئینتما بۆ کوردستان و پرۆسەی لەو شێوەیە لە دەرەوە لاواز دەکات.
- ململانێیی ناواقیعی حزبایەتی لە کوردستاندا بە جۆرێک لە دەرەوە ڕەنگی داوەتەوە کە تاکی سەربەخۆ و بێلایەنی کوردی لە پرۆسەکە ساردکردۆتەوە.
- ئاووهەوا هۆکارێکی ترە بۆ دابەزینی کێرڤی دەنگی کورد، بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، چونکە هەندێک لە هەڵبژاردنەکان لە زستاندا کراون.
- نەکردنەوەی مەڵبەند یاخود وێستگەی دەنگدان لە چەند وڵاتێکدا.
- پێویست بوو دەنگدەر دەنگ بە کاندید یاخود لیستی زێدی لە دایک بوونی بدات، واتە پارێزگا.
- لە دەرەوە بۆ ریکلامکردن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو نەبوو.
- کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆر درەنگ ئۆفیسەکانی خۆی لە وڵاتان کردۆتەوە.
- ڕێنمایی وەک پێویست نەبووە
- شێوازی دەنگدان لەدەرەوە بەکارتی ئەلیکترۆنی نەبوو متمانە دەکرایە سەر بەڵگەنامە عیراقییەکان. لە دەرەوە عیراقییەکان کێشەی بەڵگەنامەیان زۆرە بەهۆی گۆڕینی ناو یان ڕۆژی لەدایک بوونیان.
- شوێنی دەرچوونی بەڵگەنامەکان کرابوون بە مەرجی سنووردار کەتەنیا دەبێت دەنگ بۆ ئەو شارە بدەی کەبەڵگەنامەکەی لێدەرکراوە.
- دیاریکردنی رۆژانی کارکردن بۆ دەرەوە کاریگەریی لەسەر دەنگداندا هەبووە، بۆ نموونە لە دوا هەڵبژاردندا رۆژانی یەکشەممە و دووشەممە بۆ دەنگدان داندرابوو. رۆژی دووشەممە رۆژی کارکردنە و هەموو کەسێک ناتوانێت مۆڵەت وەربگرێت.
- کەمی چاودێری سیاسی، وایکرد هەندێک لایەن کاری ساختەیی بکەن دووبارە و چەند بارە دەنگ بدرێت ئەگەرچی دواجار هەموو ئەو فرتوفێڵانەی کە کرابوون بوونە هۆکارێک بۆ پووچەڵکردنەوەی هەزاران دەنگ.
- بوونی کیشەی تەکنیکی کاریگەریی لەسەر دابەزینی ژمارەی دەنگی کورد هەبوو.
- نەبوونی لۆبی کوردستانی کێشەیەکی هەرە دیارە.

## پێشنیار بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان

- هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بە جۆرێک بێت کە رەوەندی کوردستانی کورسی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام بە مەرجێک نەخرێتە چوارچێوەی کۆتاوە.
- ئەگەر نەتوانرێت بەمزوانە کار بۆ درووستکردنی سەرەتاکانی لۆبی کوردی بکرێت، پێویستە هۆکارەکانی هاندان بۆ دەنگدان پەرەی پێ بدرێت.
- لەناو خودی کوردی تاراوگەنشیندا کاندید هەبێت، واتە ئەوانەی تا ئێستاش لە دەرەوە دەژین.
- ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموار کرایەوە و دەرەوە کرا بە بازنەیەکی هەڵبژاردن ئەوە پێویستە حزب و لایەنە کورد و کوردستانییەکان هەموویان لەژێر چەتری یەک لیستیدا خۆیان کۆبکەنەوە.
- باشتر و واقیعیانەترە دەنگدەری کوردستانی لە دەرەوە ئیدارە بدرێت.
- پێویستە کاندیدی کوردستانی لە دەرەوە خاوەنی پێگەی کەسایەتی بێت.
- لە کاتی دانانی کاندیدەکاندا حزبیبوون و خزمخزمێنە پێوەر نەبێت.
- بۆ سەرپەرشتی پرۆسەی دەنگدانەکە لە دەرەوەی کوردستاندا کۆمیتەیەکی سەرپەرشتی لە نوێنەری حزب و لایەن و رێکخراوە نا حزبی و چەند کەسایەتییێک پێک بهێنرێت.
- لەگەڵ رەچاوکردنی چەند خاڵێکی تر، کە دەکرێت سەرەتا کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانە بکرێت کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بوونەتە کۆسپ بۆ کەمبوونی دەنگی کورد و کوردستان لە دەرەوەدا.

## ئەنجام و پوختەی باسەکە

ئەم باسە لەم خاڵانەدا کورت دەکەمەوە:

- هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان دوو هۆکاری دیارن بۆ جێهێشتنی نیشتمان و هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری و تاراوگەنشینی، هۆکاری خوێندن و خوێندنی باڵاش لە ئەنجامدا چۆتە خانەی سیاسی و چوارچێوەی حزبایەتی بە تایبەتیش لە خەباتی نهێنی و قەدەغەکردنی ژیانی سیاسی و حزبایەتیدا.
- لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەت نیە و لە کاتی داخوازی ژیانی پەنابەریشدا نەتەوە نانووسرێت بۆیە ناتوانرێت بە وردی ژمارەی کوردی تاراوگەنشین بزانرێت، ئەوەی هەیە لە چەند سەرچاوەیەکی نارەسمی وەرگیراون.
- ژیانی سیاسی و حزبی لە عیراقدا بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشکراون، لە هەر قۆناغێکدا لە ژێر ناونیشانی دیموکراتی و فرەیدا، شێوازێکی هەڵبژاردن پێڕەو کراوە!
- سەرەتاکانی کاری سیاسی و حزبی لە کوردستانی باشووردا بۆ کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، تا سەردەمی کۆماریی، حزبی کوردی خاوەنی مۆڵەتی رەسمی کارکردن نەبووە، تەنیا دوو ساڵ نەبێت، ئەمەش زۆر درێژەی نەکێشا دوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٦١دا حزبایەتی قەدەغەکراو بە نهێنی کارەکان جێبەجێ دەکران.
- تا سەدام حوسێن و رژێمەکەی نەروخان تاراوگەنشینانی عیراق بۆیان نەبوو دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردندا بکەن.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ –ەوە تا ئەمڕۆ عیراقییەکانی دەرەوە چوارجار بەشداریان لە پرۆسەی دەنگداندا کردووە، کە جارێکیان بۆ راپرسی بووە لەسەر دەستوور، حزب و هێزە کورد و کوردستانییەکانیش، کوردستانیانی دەرەوەیان رێکخستووە و هانداوە تا بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.
- ئەوەی بۆم دەرکەوتووە دەنگدەری کورد هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن حەماسەتی بەشداری بوونی لاواز بووە و رێژەی دەنگەکان ئاماژەیەکن بۆ ئەو کیشەیە.
- نەبوونی لۆبی کوردستانی و کێشەکانی ناوخۆهۆکاری دیار و کاریگەرن بۆ دابەزینی کێرڤی دەنگی کورد لە دەرەوەدا.
- هەموارکرنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان، لیستێکی یەکگرتووی کوردستانی لە دەرەوەدا و کۆمەڵێک پێشنیاری تر دەبنە سەرەتایەک بۆ هەڵکشانی ئاستی دەنگدانی کوردستانیان لە دەرەوەدا.

# سەرچاوەکان


- SAOB – Svenska Akademiens ordbok Flykting (Tryckår 1925
- شيخ علي، اضواء على الحركة الطلابية الكردية في الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا، بلا، پراک، ١٩٨٦
- Rokat Alakom, Kurderna- Fyrtio år i Sverige 2007
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کەشکۆلێک بۆ کورد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٢، لاپەڕە ١١
- Omar Sheikmous, Folkreligiositet flyktingskap anpassning, Ceifo, Stockholm, 1994
- THE KURDISH DIASPORA
- WWW.INSTITUTKURDE.ORG/EN/KURDORAMA
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا ١٩٤٩-١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری کۆردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨
- کاوە ئەمین، بووکی باکووری ئەوروپا ستۆکهۆڵم، ZagrosLife " گۆڤار' ژمارە ٢، مانگی ئایاری ٢٠١٤، لاپەڕە ٨٩-١٩

- جيف سيمونز، عراق المستقبل، ترجمة سعيد العظم ، مطبعة دار الساقي / بيروت 2004/ ص 133
- حامد الحمداني، صفحات من تأريخ العراق الحديث – الكتاب الأول
- علي الوردي، لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث - ج4 / مطبعة الارشاد/ بغداد1974
- لطفي حاتم، الدولة العراقية واستبداد بنيتها السياسية ، الحوار المتمدن / العدد 2342 في 14 – 7 – 2008
- اصدارات الحملات الانتخابية في العراق.
- ميثم الجنابي، العراق ومعاصرة المستقبل ، دار المدى للنشر / دمشق 2004
- عبدالرزاق الحسني، موسوعة الوزارات العراقية
- عبدالرزاق محمد أسود، موسوعة العراق السياسية.
- هادي حسن عليوي، الاحزاب السياسية العراقية السرية والعلنية
- اصدارات وادبيات للاحزاب
- محەمەد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسییە عیراقییەکان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی ٢٠١٢
- حيدر المعتصم، الانتخابات التشريعية في العراق تأريخ وجذور، مجلة الرائد، ٢٠١٠/٣/٢٤
- ماڵپەری کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق
- ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان